

# سپاردەی دەستی تۆم، مەحوی!

**دیدار مەسیفی**
**(کەنەدا)**

لە نێـو ژووره وێکڕا حـەمـام و تەوالێـتـە تاریکەکەی ئەپارتمانەکـەمدا، دەرگـام لەسـەر خـۆم کـلـۆم داوە و بە دەسـتی ئەنقـەسـت گلـۆپەکـەی بان سـەرم هەڵنەکردووە. ئێـوارەیەکی درەنگم لێ داهاتووە و هاوسـەرەکـەیشم هێـشـتـاکێ لە کـار نەگەڕاوەتەوە. من پتر لە مـاوەی پێـویست لەم شـوێنە خـۆمم مژووڵ و گیر کردووە و گـوێـچکەکـانیـشم بە تەواوی بەتاڵ کردوون لە پرتە و بۆڵەیەکی ناوەختی سەر لە سپێدە.

زۆر جوایەز لە دانیـشـتنە پێکەنیناوییەکەی سلاڤۆ ژیژەک لەسەر تەوالێت، من لە پاڵ تەوالێتە فەخفورییە سپی و ئیسـپانیاییەکە بە دوو قاچی درێژکراوە و پشـتێکی کەمێک چەمـاوە دانیشـتـووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. لە خۆمەوە وەها هەست دەکەم گەلێک لە تیپی (ڕێ) دەچم! لە تاریکیدا هەر چوار تیپەکانی دیکەی ناومم لێ پەیدا دەبن و وەک دیوار چوار دەورم لێ دەگرن. دواتر یەک لە دوای یەک شێـوەی شتگەلی نێو ژووری حەمام و تەوالێـتـەکە وەردەگرن. تیپی یەکەمی نـاوم کـتـومت وەک تەوالێـتـەکە دەردەکەوێت و وەها شێـوەکردنی قـووڵـتر دەمباتە نێـو خـەیاڵان. نیگای چاوانم دەبەن بۆ سەر شـوێنی بازنە گـچەکەکەی مـەنـهۆڵـی حەمـامەکە و وەها دەزانم تیپـێکی (ە)ی گـەورەیە و لەوێدا کەوتووە.

گـەمـەیەکی خـۆش و چێـژ بەخـشـە و هـەروا لەگەڵ خـۆی دەمبات. لە بانیـۆکە و دوو شێـرە گـەرم و سـاردەکـەی سـەری، تیپـێکی گـەورەی (تێ) دەبیـنم، ئینجا دووشەکە ئامادەیە بمشـوات و خـۆی ببێت بە (ئەلف)ـەکە و دوا تیـپی نـاوم. من بەر لەوەی وەک ئەم ئێوارەیە بەم شێوەیە لە تیپەکانی (عەین) و (ە) و (تێ)ی ناوم ڕابمێنم، زۆر جاران بەم (ئەلف)ـە شـادمـان دەبووم، وەک ئەوەی هەست بکەم ڕۆژگـارێک دەمگـەیەنێـتـە شـوێنێک کـە شـایسـتـەی مـرۆی سـەرڕاست و

سەربڵندە، بەتایبەت لە کاتی گوتنی ناومدا کە دەبوایە هەناسەیەکی قووڵ بۆ نێو ناختدا هەڵبمژیت هەتا بتوانیت ئەو (ئەلف)ـە وەک خۆی بڵێیت. هەردەم لە تێرامانی ناوم خۆشییەک دەخزایە دەروونمەوە و هەستم دەکرد ناوم هەردەم بۆنی بەخشندەیی و مەزنی هەناسەی کەسێکی مرۆدۆستی لێ دێت، بە تایبەت لەم زەمەنەی کە منی تێدا دەژیم، گەلێک نووسەر و هونەرمەند هەن هەڵگری هەمان ناون.

لە نێو ئەم خەیاڵانەدام و ڕۆندک لە چاوانم دەکەون، دەنگی هەناسەیەک لە تەکم دێت و ئەوەندە دەکۆشم ناوێرم ئاوڕێک بدەمەوە. دەنگەکە تا دەهات زیندووتر دەهاتە نێو گوێچکەکانم و منیش لە پاڵ تەوالێتەکە تیپێکی (ڕێ)ی کەوتوو و پەژموودە و زەرد هەڵگەڕاوبووم.

عەتا... عەتا... عەتا،... عەتار!

عەتا... عەتا... عەتا،... عەتار!

عەتا... عەتا... عەتا،... عەتار!

دەنگەکە چەند جار وەها بانگی دەکردم و دەهاتە نێو گوێچکەکانم.. دەهاتە نێو ناخم و لەم تاریکاییەدا بە تەواوی داگیری دەکردم.

لە ترسدا چاوانم بە توندی دەگوشین و ڕۆندکە قەتیسماوەکانم بە گوڕ دەردەپەڕاندن. لە نکاوڕا پێش چاوانم وەک دنیایەکی سپی و شاشەیەکی چکۆلەی سینەمای لێ دەهات و پڕ دەبوو لە وێنە و دروشم. ڕووی پیرەپیاوێکی گەوزێنراوی نێو خوێن دەردەکەوت و پێمی دەگوت تۆ عەتاری نیشاپووریت و لەم دنیایەدا نەماویت. من دەترسام و دەگریام و پێیم دەگوت کە من عەتا محەمەد عوسمانم، نەک عەتار نیشاپووری.

ئەو تووڕە دەبوو و دەیگوت قسە مەکە.. قسە مەکە و زۆریش بە پەلە و مکوڕ بوو کە ناوی خۆی بە منەوە بلکێنێت، بەرلەوەی سەربازێکی مەغۆلی سەرگەورە و سەرشێت بە پرچە درێژەکە، ئەو زاتە لە دوای خۆی ڕابکێشێت و لە پێش چاوانم لەتوپەتی بکات.

بۆ ساتێک کە بیرم لەم بارە سەیرە دەکردەوە، باوەڕێکم بۆ دروست دەبوو کە ئەم پێشهاتەی تێی کەوتووم هەرگیز سادە و لە خۆڕا نییە. چۆن پاش ئەوەی بە شەکەتی لە کار گەڕابوومەوە، زوو هاتم دەرگەی حەمام و تەوالێتەکەم کردەوە و لەسەر ئاودەستەکە دانیشتم. دواتر هەر کە تەواو بووم و دەنگی ڕامالینی پاشماوەی هەردوو کونم لە نێو قورگی ئاودەستەکەدا کپ بوو، دەرپێ و کاوبۆکەم وێکڕا هەڵکێشانەوە. ئیتر نازانم بۆ وەک جارانی پێشوو هەردووکیانم لە ژێر پێیەکانم فڕێ نەدان و نەچوومە نێو بانیۆ و ژێر دووشەکە، بۆ ئەوەی خۆم بشۆم.

خۆمم نەشووشت و عەتار بە بەرگێکی سپی هاتەوە و گوتی، ئێستاکە فیلمی پیاوێکت بۆ لێ دەدەم کە وەک تۆ قەلەندەرێکی کوردە و ناوی مەحوییە.

بەر لەوەی فیلمەکە دەست پێ بکات، هەستم کرد شتێک مووی دەستێکم دەخورێنێت. ترسام و لەم بارە پەشۆکاوە ڕاچڵەکیم و بە دەستی چەپم شەقێکی بەهێزم ئاراستەی شوێنەکە کرد. دەنگێکی وەک تەقەی دەمانچە لە نێو گوێچکەکانم زرنگایەوە و خوران و جوولەی زیندەوەرێک لە نێو ئازاری دەستی ڕاستمدا ون بوو و نەما.

دوای ئەوەی بۆ شەوێ هاوسەرەکەم لەسەر کار گەڕابووەوە و زوو (ناین وەن وەن)ی لێ دابوو، ژمارەیەک پۆلیس هاتبوون بۆ ئەوەی دەرگای حەمام و تەوالێتەکە بشکێنن و بارەکە بپشکنن. دواتر من لە ئاگاییدا و بە حەب و دەرمانێکی زۆر، باری دەروونیم وەک ڕۆژگارەکانی ساڵی یەکەمی هاوسەرگیری لێ هاتبوو لەگەڵ نیشان پوور.

بەیانییەک چووم بە یادی تەواوکردنی ئەو فیلمەی دەربارەی مەحوی چەند ڕۆژێک بوو زۆر بە زیندوویی لەسەر دیوارە سپییەکەی ژووری حەمام و تەوالێتەکە نیشانم درابوو، لە هەمان شوێن دانیشتمەوە و بە ئارامییەکی بێ وێنە سەیری دەوروبەرم دەکرد. دیتم دەیان خاڵخاڵۆکەی زەرد و سوور دانەیەکی پەڕ و باڵ شکاویان هەڵگرتووە لەسەر لێواری بانیۆکە بە مارشێکی گەلێک هێمن بەرەو پەنجەرەکە گوزەر دەکەن و دەڕۆن.

بە دیتنی ئەم دیمەنە ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە بە دە دەست، تەرمی یووسف ئازادی هاوڕێمان هەڵگرتبوو کە لەسەر وتارێک کوژرابوو کە تێیدا باسی سەگی گێرمان شیپەردیشی کردبوو. یووسف سەرەتا کەسێکی مارکسی بوو و ساڵانێکی درێژ لە نێو ڕێکخراوێکی چەپ کاری کردبوو. لێ، تاکە شت من دەربارەی ئەو هاوڕێیە جوانەمەرگە لە بیرم مابوو، ئەوە بوو کە زۆر حەزی لە گەمەکردن بوو بە وشە. بە هۆیەوە بیرۆکەیەکی سەیری بۆ

دروست بوو کە هەر مرۆیەک زادەی دوو دنیایە، یەکێکیان بینراوە و ئەویدی کە نەبینراو. بەم پێیە ڕۆژێک لەسەر کاغەزێکی سپی ناوی خۆیشی تێکەڵوپێکەڵ دەکات و دەڵێت، دەکرێت لە ئێستاوە من ناوم سۆفی زادە بێت.

یووسف ناوی (مارکس)ی بە (کراسم) دەخوێندەوە و وشەی (کفر)ی دەکرد بە (فکر) و بە سەعات دەربارەی دەدوا. ئەو دەیزانی من مەحویم زۆر خۆش دەویست، بۆیە ڕۆژێک لە گەرمەی شەڕی براکوژیدا لە گەڕەگی چوارباخ هاتە سەردانم و دیوانی مەحوی وەک دیاری و یادگارێکی پڕ نرخ پێشکەش کردم. ئەو لەسەر بەرگی دیوانەکە ناوی مەحوی وەک هی خۆی لێ کردبوو و لە جیاتی نووسیبووی (وەحیم)! پێی دەگوتم " عەتا گیان! ئایا دەزانیت لەو کاتەی مەحوی ناوی خۆی لە مەشوییەوە بۆ مەحوی گۆڕیوە، نیازی هەبووە وەها بلێت!"

یووسف هەموو جار لە گەڕەکی تەیراوە بە پێ دەهاتەماڵمان... ئەو پێشتر مانای ناوی ئەو گەڕەکەی بۆم هەڵدەوەشاندەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە یووسف لە پێش چاوانم هەم مرۆیەکی تەیرۆ، هەم کەسێکی تاهیریش بوو!

من هەتا نەهاتبوومە دەرەوە و پێشهاتی بەم شێوەیە نارۆون و سەیرەی وەک بوون بە عەتار، یان بە بینەر بۆ فیلمی مەحویم نەبینیبوون. هەرگیز وەک ئەمرۆ بیرم لە ئاخاوتنەکانی یووسف نەکردبۆوە، بە تایبەت کە دوای کەمێکی دیکە لە چوونەوە دەرەوەی خاڵخاڵۆکەکان دەچم دیوانەکەی مەحوی دەکەمەوە و یەکسەر ئەم دوو دێڕە شیعرە دەخوێنمەوە.

**فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە**
**کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لەسەر ئەسکەمل و کورسی چ بکا؟**

ئەم دوو دێڕە کە ڕێگەی چتاقە هەڵاتن و لادانێک ناخاتە بەردەمی مرۆ، دیارە هەمان دوو دێڕە شیعری مەحوین کە یووسف ئەو وتارەی لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەیەکەدا پێ بە کۆتا هێنابوو و ببوو هۆکاری کوژرانی. لە ئاست ئەم ڕێکەوتە سەیرە، شپرزە دەبم و دەستەکانم دەلەرزن و دیوانی مەحوی لە پڕ لە دەستم دەکەوێتە خوار و بەر لێواری مێزە دار گوێزە قولینچک تیژەکە دەکەوێت و بریندار دەبێت. کە هەڵی دەگرمەوە یەکسەر چاوانم بۆ نووسینەکەی یووسف دەگێڕم کە بەر لە بیست ساڵ لەسەر بەرگی دیوانەکەی نووسیبوو، دەبینم وشەکە لە ناوەڕاستیدا بریندار بووە. هەردوو تیپی (حێ) و (یێ) سڕاونەتەوە و تیپەکانی (واو) و (ە) و.. (میم) وەک وەڵامێکی دوو ددان کەوتوو لەسەر بەرگی دیوانی مەحوی تاق و تەنیا و قەلەندەر بەجێ ماون. من کە هەڵوەستەیەک دەکەم و دەیخوێنمەوە و لە وشەی (وهم)ی عەرەبیی بترازێت، ناشێم چ شتێکی دیکەی لێ هەڵبکرێنم.

**ماچی دەمی لە کەڵکەڵەما مابوو، چ خۆشی وت:**
**قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ**

نیشانی هاوسەرم لەگەڵ دەنگی کەوتنی دیوانەکە زوو گەیشتە ژوورەکەم، چونکە لە پێڕێیەوە کە پۆلیسەکان منیان ساردوسڕ لە نێو ژووری حەمام و تەوالێتەکە دەرهێنابوو، ئەو هەتا بڵێیت نیگەرانە. ئەو ڕۆژە نیشان بە لێوە پڕەکانی گشت فرمێسکەکانی سڕیبوونەوە کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو بەشەی فیلمی سەرگوزشتەی مەحوی تەڕ و هیشک لەسەر هەردوو ڕوومەتەکانم بەجێ مابوون.

من بەرلەوەی دیوانەکە لە نزیک مێزەکە هەڵبگرمەوە، لەوانەیە بۆ ساتێک وەهام پێشبینی کردبێت کە تیپی (میم) ببینم لە نووسراوەکەی یووسف فڕیبێت و تەنیا وشەی (وحی) بەجێمابێت. لێ، زوو کورتم هێنابوو کە دیتم وشەی (حی) سڕابۆوە و لە جیاتی وشەی (وهم) وەک سەرابێکی گەورە لەسەر بەرگی دیوانەکە بەجێ مابوو.

نیشان، کوردیی ڕۆژهەڵاتە و ڕشتەی یاسای لە دانیشتگەی کرماشان خوێندووە، بۆیە هەموو شتێکی دەدایە بەر حوکمی تەرازوو و دەتگوت چاو و کەپوو و لێوە جوانەکانیشی هەر بۆ ئەم مەبەستە نەخشاون. ئەو بە لای دایکییەوە بە چوار پشت دەگەیشتەوە سەر مەولەوی تاوەگۆزی، بەڵام هەرگیز بۆی گرینگ نەبوو کە من دوای سەوداببوونم بە دنیای مەحوی، هەرجار ئەوەم دەدرکاند کە شیعرەکانی مەحوی لە هی گەورە باپیرەی ئەو گەلێک قووڵترن. نیشان حەزی لە ئەدەب نەبوو و هەرگیزیش گوێی لێ ڕانەدەگرتم و باوەڕیشی بەم ئاخاوتنەم نەدەکرد، بە تایبەت لەو کاتانەی من بە شادمانییەکی زۆرەوە بەڵگەی ئەوەم دەهێنایەوە کە لە یەکچوونی زێدی مەولەوی بەلخی و مەحوی بالخی هەرگیز شتێکی وەها

ساده و ڕێکەوت نییە.

نیشان، زمانی عەرەبی نەدەزانی، چون منیش لە فارسییدا لە چاو ئەو تەیرێکی نابەلەد بووم، نەوەک لەو ڕۆژەوەی ئەوەی من لەسەر بەرگی دیوانی مەحوی خوێندمەوە بەهێزترین بەڵگە بوو کە وشەی (حی) و وشەی ( وهم) هەرگیز لە یەک تەرازوودا وێکڕا جێگەیان نابێتەوە. هەستم دەکرد نیشان ئیگۆیەکەی زۆر لە هی من بەهێزترە، بۆیە هەردەم پێم دەڵێت عەتا گیان! ناکرێت تۆ زیندوو بیت و لە ئەوپەڕی شارستانیی ڕۆژئاوا لەم وەهمە گەورەیەدا بژیت.

من وەڵامم پێ بوو و دەکرا باسی کلۆدیۆس جەیمس ریچی بۆ بکەم!

هەروەها لە پیرێییەوە هەوڵ دەدەم فیلمەکەی مەحوی لە نووکەوە بۆ نیشان بگێڕمەوە و ژیان بوار نادات. من لە بەیانییەوە بۆ ئێوارە لە کارم و ئەویش لە ئێوارەوە هەتا شەو. هەردووکمان تەنیا لە دوو (میم)ـەکەی مەولەوی و مەحوی بە یەکتری دەگەین، یان بە یەکتری ناگەین.. هەتا ئەو بڵێت من ماندووم و منیش بڵێم من ماندووم. بەم (م.. م.. م..)ـە ڕۆژگارەکان بەسەر دەبەین و زۆربەی جاران دانوومان بە یەکەوە ناکوڵێت.

ناچار وا دووبارە هاتوومەتەوە هەمان شوێن لە پاڵ تەوالێتە فەخفورییە سپی و ئیسپانیاییەکە بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. بێ ئاگام لەوەی کە ماوەی پتر لە دوو مانگە من و نیشان پێکەوە هیچمان نەکردووە، تەنیا بۆ جارێکیش چ لە تەنیشت تەباخە کارەباییەکە، مێزە بازنەییەکەی ناندێن، یانیش سەر سۆفا چەرمە ڕەشەکە لەشمان لە هی یەکتری نەخشاوە. ماوەیەکە ئیگۆکانیشمان لەگەڵ یەکتری هەڵناکەن. ئەوەی من لاوازە و زوو زوو دەخزێتە نێو تاریکایی و هی نیشانیش هەردەم زاڵ و زل و ڕوو لە منە!

ژووری حەمام و تەوالێتەکە دووبارە تاریکە و لە نێو دووکەڵدا سەرووی دەرگایەکی تۆکمە و دارینم لێ دیارە کە لێی نووسراوە خانەقای مەحوی. فرۆکەکانی ئینگلیز بۆ جاری چوارەمە ئەم شوێنە بۆردمان دەکەن و چەند پرووشک لە ساچمە داغبووەکان بەر گۆڕی مەحوی دەکەون و تەنیا لە زەینی مندا و لە نێو قووڵایی گۆڕەکەدا ئێسکێکی بچووکی پەنجە گەورەی دەستە ڕاستی دەشکێنن و وردی دەکەن. پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانە کە دەورووپشت بە مەلا خالید گازی دەکەن، پیاوێکی دیکە، کە تا تەواوبوونی فیلمەکە ڕوخساری بۆ من ناڕوونە، ئاراستەی ژوورێک دەکات کە پەنجەرەکەی بەسەر باغی پشتەوەدا کراوەیە.

پیرە پیاوێک لە بنەبانی خانەقا دانیشتووە و لە ژێر ئەو بارە ناجۆرەی بۆمبباران نابزوێت و لە پێش خۆی قسان دەکات. من بە حاڵ هێندێک لە ئاخاوتنەکانی دەبیستم و نابیستم. ئەو دەڵێت ڕۆژگارێک باوانی ئەو پیاوە شکۆمەندەی کە لە تێرامان لە پەنجەرەکەوە بیری بەردە قارەمان دەکات، لەگەڵ باو و باوانی مەلا خالید دژ و ناکۆک بووین.

تروسکاییەکی زۆر ڕۆشن لە تەماشاکردنەوەی فیلمەکە دامدەپچڕێنێت و سەری خوێناوی یووسف دەردەکەوێت و دەڵێت دیمەنەکان درۆزنن و هەرگیز وەک خۆیان دەرناکەون. لە ناخی مرۆیەکان ڕامێنێ بەر لەوەی بە هۆی ڕووداو و کاغەزە مێژووییەکان شت بخوێنیتەوە. ئیگۆیەکەت بکوژە و لێ بگەڕێ شتەکان وەک خۆیان لە نادیارەوە بێنە نێو ناخت و ڕاستییەکانت پێ بڵێن.

بە دیتنی ئەم دیمەنە دەتاسێم و دەگریم. فرمێسکەکانم ڕووی خوێناوی یووسف دەشۆنەوە و بزە لەسەر لێوەکانی ئەو و هی خۆیشم دروست دەکەن، بەڵام بەر لەوەی ڕوخساری بە یەکجاری لە پێش چاوانم ون بێت، یووسف بە دەنگێکی پڕ لە جۆش ئەم دوو دێڕە شیعرەی مەحوی دەخوێنێتەوە و دواتر پێم دەڵێت کە لە تەماشاکردنی فیلمەکە دانەبڕێم.

**فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە**
**کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لەسەر ئەسکەمل و کورسی چ بکا ؟**

یووسف یەکسەر ون دەبێت!

مەحوی لە تەک موفتی زەهاوی دانیشتووە و باس و خواستی ڕۆژگار دەکات و سەری بۆ ئەم هیلاکەتییە دەخورێت، بۆیە هەر کە ئیجازەی مەلایەتی لە موفتی وەردەگرێت، لە ناخەوە بەڵێن بە خۆی دەدات کە مرۆیەکی حەقبێژ و ڕاست بێت.

لێ، هێشتا زووە بۆ مەحوی بڵێت:

**لەسەر تۆ بوومە پەندی عالەمێ وتم و، وتی: مەحوی**
**بەسی بێ موشریکی بەس، یا لە دنیا لادە یا لە من**

من هێشتا به دوو قاچی درێژکراوه و پشتێکی کەمێک چەماوه دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. دووباره له خۆمەوه وەها هەست دەکەم گەلێک له تیپی (ڕێ) دەچم، یانیش با بڵێم له (هیچ) دەچم!

(ڕێ) و(هیچ) پێکەوه زەینم دەکۆڵن و لەرزه لەرزێک دەخەنه سەر لێوانم. بارێکم بۆ پێش دێت وەک ئەوەی پێشتر لەگەڵ ناوی خۆم و ناوی عەتاردا هەمبوو. چەند جارێک ڕێ و هیچ... ڕێوهیچ...ڕێهیچ لەسەر زوبانم دووباره و دووباره دەبێتەوه. له پڕێکدا دەنگێکی نامۆ به گوێچکەی ڕاستمدا دەچرپێنێت و دەڵێت تۆ ڕیچیت.. ڕیچ!

نزیکەی دوو سەد ساڵ دەگەڕێمەوه دواوه و هەست دەکەم له ڕۆژێکی مانگی ئایاری ساڵی هەزار و هەشت سەد و بیست دام و له نێو حەمامێکی شاردا خۆم دەشۆم. حەمامەکە ڕووناکه و دیوارەکانی به ڕەنگێکی بریقەدار سواغ دراون و ناوەوەی پڕه له حەوز و فوارەی زۆر گەرم و زۆر سارد. من لەوەتەی گەڕاوم نه له ئوتێل، نه له مەلەوانگه، نه له چتاقه حەمامی شارێکی کۆندا هاوشێوەی ئەم حەمامەم نەبینیوه. دەڵێن حەمام لەسەر داخوازی مەحموود پاشا دروست کراوه و دوو وەستای کارامەی له کرمانشانەوه هێناوه بۆ ئەوەی جوانترین حەمامی دنیا لەم شاره دروست بکەن.

له حەوزه ئاوه زۆر گەرم و زۆر ساردەکاندا ڕادەمێنم و جودا له بیرکردنەوه دەربارەی حەمام و پاشا، بیر له دوو پیاوی دیکەی ئەم شار و نەتەوه و خاکه جوانه دەکەمەوه. مارف و خالید، که هەریەکێکیان زادەی دنیایەکه له هزر و هەژموون و بوونیان پێکەوه له یەک زەمەندا، من ڕیچ بم، یان هیچ بم، ئەوه هەتا ئێستاکەش که ساڵی دوو هەزار و چواردەیه، درێژبۆتەوه.

من ڕیچ بم، یان هیچ بم، هەست دەکەم تەنێ ساڵێک و پێنج مانگ تەمەنم ماوه! ئەوەتانێ، تارمایی پیاوێکی ئەوروپایی بیر تیژ هەیه وەهام پێدەڵێت. مستەر یۆنگ هەردەم ئەنگوستیلەیەکی له پەنجەدایه که وێنەی مارێکی له سەره و حەز دەکات ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ کۆمۆنمان.

له پڕ دەگەڕێمەوه سەردەمی منداڵیم و باوەڕ دەهێنم که لەو کاتەی له شاری بریستول دوور له ڕۆژهەڵات دەژیام و لاپەڕه نووسراوەکانم هەڵدانەوه و به تیپ و ڕێنووسێکی زۆر سەیر و نامۆ ئاشنابووم، زانیم ڕووداوگەلێکی ناساده و ناڕاگوزەر چاوەڕێمن.

ئەو پیاوانەی وا تارماییان لەسەر کاشییه سپییەکانی دیواری ئەم ژوورەی حەمام و تەوالێته دەبینم، گشتیان له ڕۆژگارێکدا هەستیان بەوه کردووه که دەنگێک له نادیار و ناشوێنه بانگی کردوون که کۆچ بکەن. ڕوخساری کەسێکی دەبینم گەلێک نامۆ و پەژموورده دەبینم به جادەکانی شاری ئەستەنبۆڵدا پیاسه دەکات، لێ هەتا بڵێیت بەم کۆچه و ناوی خۆی شادمانه.

کەیفی جوانڕۆیی!

له حەمامه شێوه کرمانشانییەکەی که وێنای دەکەم و هەست دەکەم من ڕیچم و تەنیا ساڵ و نیوێکی دیکه تەمەنم کردووه. دوو پیاو دەبینم که لەبەر دەرگی خانەقا شەڕه قسه و ململانێیانه دوای ئەوەی هەم مەولانا و هەم خۆیشم ساڵانێکه له شاردا ون بووین و سەری خۆمان بۆ دوا گەشتی دیکه هەڵگرتووه. ئیتر وەک کەیفی جوانڕۆیی و چەندانی دیکه ڕۆیشتووین و له بەرگ و شارێکی دیکەدا درێژەمان بەم ژیانه کورته داوه که بوومانه.

ئەحمەد ئەربیلی له بەرانبەر عوسمان بالخی و فەرمانی پاشا مل دەدات، بەرەو قەرەداغ سلێمانی بەجێ دەهێڵێت. لێره دەکەومه گێژاوێک و سەره داوی فیلمی مەحویم لی تێکەڵوپێکەڵ دەبێت. بیر لەم دوو موریدەی مەولانا دەکەمەوه که چۆن چتاقیان پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو که لەم خاکه جوانەی ئەوانی تێدا گۆش بووه، دواتر کوڕ و نەوەکانیش به هەمان دەردی ململانێ و کۆچ گیرۆده دەبن.

لێرەوه مەحوی دەبینم، که دەستی یووسفی کۆنه هاوڕێمی گرتووه و دەیەوێت له هیلاکەتی ڕزگاری بکات. فیلمەکه وەک خەونێکی سەیر و ناجۆره له پێش چاوانم. مەحوی لەم وەزیفەیەدا سەرکەوتوو نییه و ناتوانێت یووسف ڕزگار بکات. ئیتر یووسف لەسەر دەستی مەحویدا وەک مۆم دەتوێتەوه و له پڕ دەبێته خاڵخاڵۆکەیەکی سوور. مەحوی له دوای خۆی بۆ دووری دوور پەلکێش دەکات و دەیبات و دەیبات... له سلێمانی و قەرەداغ و هەولێر و شامیش دوورتر!

فیلمێکی ناوازه و سەیره که لەسەر دیواری ژووری حەمام و تەوالێتەکەمدا دەیبینم که تێیدا مەحوی

کارەکتەری سەرەکییە و خاڵخاڵۆکەیەکی سووری لەسەر دەستە. سوڵتان لە ئاست مەحویدا لەسەر پێ وەستاوە و بە شەوقەوە لە ڕەنگی باڵەکانی خاڵخاڵۆکە دەڕوانێت. بۆ چەند ساتێک لە خۆیەوە هەست دەکات تاوانبارە لە بەرانبەر خوێنی ڕژاوی کەسێک بە ناوی یووسف کە لە زەمەنیکی دیکە بە ناحەق دەکوژرێت.

سوڵتان هەڵستابووە سەر پێ و ڕێز و حورمەتی زۆری بۆ ئەم مەلا کوردە هەبوو. لێ، لە تێڕامانی لە دیمەنی خاڵخاڵۆکە جوانەکەی سەر دەستی، ترس و نیگەرانییەکی زۆر لەسەر ڕووی نیشتبوو و ئەوەندەی دەیکرد ئیگۆیەکەی نەیدەهێشت سەبارەت بە خۆی و دوارۆژی کوڕەکەی عەبدولعەزیز پرسیارێک لە مەحوی بکات.

من بێ ئەوەی ئاگاداری خۆم بم، لەگەڵ تەماشاکردنی فیلمەکەدا خەونم بە دایکیشمەوە دەبینی و پڕ بە دڵ غەریبی بۆنیم دەکرد. ڕووتبووم و وەک یووسف لە نێو بیرێکی قووڵدا کەوتبووم. دواتر دەزانم کە کۆمەڵە کیژێک لە نێویان گورجی و چەرکسی و کوردیشیان تێدابوو لە نێو حەمامی حەرەمێکدا بە لەشولاری جوانییانەوە بە دیارمەوە وەستاون و بە جامە ئاوی گەرم گەرم دەمشۆن.

لەو کاتەدا کیژە جوان و شۆخەکان گەرەکیان بوو ڕوحم بهێننەبەر، یانیش ڕوحم بهێنەدەر، ڕادەچڵەکێم و دەبینم نیشان پووری هاوسەرم بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەستەکانی لە قژی ئاڵاندووە و هاوار دەکات عەتا گیان... عەتا.. عەتار. لێرەدا زمانی لەرەیەک دەکات و بە دەستە تەڕەکانی بە دەموچاومدا دەهێنێت و دەیەوێت بمبووژێنێتەوە!

من لە قووڵایی ناخمەوە بە خۆم دەڵێم ئیتر ڕۆیشتووم و چیتر بەرگەی لەنگیی ئەو دنیایە ناگرم.

یانیش بە نیشان دەڵێم، مەگری گیانە من سپاردەی دەستی مەحویم... کەسی دیکە نا:

**چیبکەم، نە ئەو کەسەم کە کەسم لە لا بە کەس**

**خۆشم نەگەیە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس**

**٢٠١٢**